گۆڕان دەنگی بەهەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی داوە
تاڵەبانی بەڵێنیداوە هەموو نانبڕاوەکان بگەڕێنێتەوە
14/11/2010
تایبەت بەهاوڵاتی

فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی عێراق، دەنگیان بۆ هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی داوە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، لەبەرنبەردا تاڵەبانیش بەڵێنیداوە هەموو نانبڕاوەکانیان بگەڕێنێتەوە.
هاوکات بەپێی زانیارییەکانی هاوڵاتی، فراکسیۆنی گۆڕان کۆتایی بەکشانەوەکەی هێناوە لەئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدا.
بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هاوڵاتی کەتووە، دوای چوونە دەرەوەی لیستی عێراقییە لەهۆڵی پەرلەمانی عێراق لەکاتی هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، پەرلەمانتارەکانی گۆڕان هەڵوێستیان گۆڕاوەو بڕیاریانداوە دەنگ بەهەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بدەن.
سەرچاوەیەکی ئاگادار لەهۆڵی پەرلەمانی عێراق کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە هاوڵاتی وت »چاوەڕواندەکرا لیستی گۆڕان دەنگ بەهەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی نەدەن، بەڵام کاتێك لیستی عێراقییە بۆ پەکخستنی هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی چوونە دەرەوە، لیستی گۆڕان لەکتوپڕێکدا هەڵوێستیان گۆڕاو پەرلەمانتارێکیان نارد لای مام جەلال بۆ ئەوەی پێیڕابگەیەنن کە ئەوان دەنگی پێدەدەن.«
سەبارەت بەهۆکاری ئەو گۆڕانکارییە لەهەڵوێستی گۆڕان، سەرچاوەکەی هاوڵاتی وتی «بەئاگاداری بارزانی، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان بەتاڵەبانی وتووە، ئێمە دەنگت پێدەدەین، چونکە نامانەوێت دەنگی شۆڤینییەکان زاڵ بێت، بەڵام تۆش هەقی خۆیەتی چیدی بەچاوی دوژمن سەیرمان نەکەیتو نانبڕاوەکان بگێڕیتەوە سەر کارەکانی خۆیان.«
بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هاوڵاتی کەوتووە، هەر لەهۆڵی پەرلەمان تاڵەبانی ئاگاداری بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کردووە، بەپەلە ئەو کارە بکاتو کێشەی نانبڕاوەکان کۆتایی پێبهێنرێت.
هەر بەپێی ئەو زانیارییانە، هەریەك لەبارزانی سەرۆکی هەرێمو نێچیرڤان بارزانی کە لەدانیشتنەکەی پەرلەمانی عێراق ئامادەبوون، دەستخۆشییان لەهەڵوێستی پەرلەمانتارەکانی گۆڕان کردووەو بەهەڵوێستێکی کوردانەیان وەسفکردووە.
لەلایەکی ترو بەپێی زانیارییەکانی هاوڵاتی، دوێنی شەممە، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کۆبوونەوەی سەرۆکی حیزبە کوردستانییەکانی کردووە لەهەولێرو تێیدا کۆتاییان بەکشانەوەکەیان لەئیئتلافە کوردییە هێناوە.
بەبڕوای چاودێرانی سیاسی، دەنگدانی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بەسەرۆککۆمار، هاندەرێك دەبێت بۆ ئەوەی نێوانی یەکێتیو گۆڕان باشتربێتو هەنگاو بۆ قۆناغێکی باشتر بنێتو یەکێتیش بیر لەوەبکاتەوە مامەڵەیەکی نەرمتر لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا بکات.